## کەژان ئەسەدی:

# سینەمای کوردی نەیتوانیوە وەک سینەمایەکی سەربەخۆی جیهانی دەربکەوێت



**کەژان ئەسەدی، کچە سینەماکار و شانۆکاری رۆژهەڵاتی کوردستان،ماوەی ١٩ ساڵە وەك ئەکتەر لە دەیان فیلمی سینەمایی و شانۆگەریی کوردیدا بەشداریکردووە، لە دیمانەیەکی تایبەتدا بۆ گۆڤاری گوڵان، لە روانگەی خۆیەوە بە تێروتەسەلی باس لە چەند لایەنێکی گرنگی کاری هونەری دەکات.**



*** ڕەوشی شانۆ و شانۆکاران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- نەك تەنیا لە کوردستان، بەڵکو لە تەواوی ئێرانیشدا بارودۆخی شانۆ باش نییە، چونکە دەوڵەت و کاربەدەستان بە پێی پێویست بایەخ بەم هونەرە گرنگە نادەن و کەمتەرخەمن. لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا سیاسەتی کاربەدەستان لە ئێران تەنیا جەستەیەکی ماندوو و نەخۆشی لە شانۆ درووستکردوە، ئەگەر عەشق و هۆگری هونەرمەندان نەبوایە، ئێستا شانۆ بووبووە هونەرێکی فەوتاوی روو لە نەمان.

شانۆ هونەرێکە پێویستی بە بایەخدان و سەرنج و پشتیوانی دارایی هەیە، چ لە لایەن دەوڵەتەوە چ لە لایەن سپۆنسەرەوە وەك کەرتی تایبەت. لێرەدا دەبێ لە بیرمان نەچێت هونەر بەگشتی و شانۆ بە تایبەتی پێش ئەوەی کارێکی ئابووری بێت، کارێکی فەرهەنگییە. گەڕانەوەی سەرمایەی شانۆ ئەو کاریگەرییە فەرهەنگی و هونەرییەیە کە لەسەر کۆمەڵگە و تاك دایدەنێ و ئەمەش دەسکەوتێکی کەم نییە، جگە لەمانە ڕاستییەکەی ئەوەیە ئێمە چونکە وەك خۆبەخش بۆ ئەم هونەرە و بۆ خەڵك مایە دادەنێین، لە کاتەکانمان دەگوزەرێین و لە بەشە ئابووری و مادییەکەشی چاوپۆشیمان کردوە.

*** ئایا لایەنە باشەکانی شانۆی کوردی چین؟**

- شانۆی کوردستان گەیشتوەتە ئاستێکی باش و وڵاتانی دیکە شانۆی کوردییان دیوە و خەڵکی هەندێك لە وڵاتانی دیکەش بۆ بینینی شانۆ، یان نمایش کردنی شانۆ هاتونەتە کوردستان، ئێمە نابێ حاشا لەو پەیوەندییەش بکەین کە لەم ساڵانەدا دروست بووە، من ئەمساڵ بیست ڕۆژ لەگەڵ چەند مامۆستایەك کە لە فەڕانسەوە هاتبوون کارم کرد، ئەمەش دووهەمین جارە لەگەڵ ستافێکی فەڕەنسی کار دەکەم، شانۆ وای لە من کرد کە سەرەڕای ئەوەی لە زمانی یەکتر ناگەین، بەڵام بە ئاسانی بەیەکەوە ئیش بکەین، ئەمەش ڕۆڵی زمانی شانۆ و هونەر دەردەخات. ئێمە فستیڤاڵی شانۆی نێودەوڵەتی سەرشەقامان هەیە، فستیڤاڵی شانۆی کوردیمان هەیە، فستیڤاڵی شانۆی پارێزگاکانمان و زۆر فستیڤاڵی دیکەشمان هەیە، ئەمە وەك ڕۆژهەڵات، دیارە لە باشووریش ئەم فستیڤاڵانە زۆرن.

*** لە رووی جەماوەرییەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا**



**چەند سەرکەوتوون؟**

- کاتێك کە سەرەکیترین پێداویستی تاکەکان لە ناو کۆمەڵگەی ئێمەدا جێبەجێ نابن، ئیتر شانۆ چاوەڕوانییەکی ئەوتۆی لێ ناکرێت، هەربۆیەش پێشکەوتنی شانۆ لە لای ئێمە لاواز و هێواشە و تاقەتێکی زۆری دەوێت، بەڵام ئێمەی چالاکانی شانۆ دڵمان خۆشە بە بینەرانمان و بەردەوام دەبێ خەریکی چالاکی بین، ئۆقرە ناگرین و بەردەوام هەوڵدەدەین ئەو دونیا جوانەی شانۆ جوانتر بکەین.

*** ئەو ئاستەنگانە چین کە زیاتر لەبواری شانۆدا ڕووبەڕووتان دەبنەوە، بەتایبەتی هونەرمەندە ئافرەتەکان؟**

- دیارە کێشەی ئابووری وەك ئاستەنگێکی سەرەکی زۆر زەقە، ئەوانەی کە لە شانۆدا چالاکی دەنوێنن، لە ڕێگای ئەم هونەرەوە بژێوی خۆیان دابین ناکەن، بەڵکو هەموویان وەك ژیانی ڕۆژانە خەریکی کاری دیکەن و شانۆ تەنیا خولیایەکی هونەری و تاکەکەسانەی ژیانیانە، هەروەها نەبوونی پاڵپشتیی ئابووری چ لە لایەن حکومەتەوە و چ لە لایەن کەرتی تایبەتەوە، یان ڕێخراوێك کە پشتگیری بکات لەو هونەرە، کێشەی سەرەکییە، کێشەی سانسۆریش کە ئاستەنگێکی گەورەیە لە ناو ئێراندا، چونکە زۆربەی دەقەکان سانسۆر دەکرێن و هونەرمەندان ناتوانن بە دڵی خۆیان دەقەکان بێننە سەر شانۆ، زۆرجار ئەوەی کە بینەر دەیبینێت و دەیبیستێ، دەقێکی دەسکاری کراوە بە دڵی کاربەدەستانی حکومەت. کێشەی جلوبەرگ بەتایبەت بۆ ئافرەتان کێشەیەکی سەرەکییە، ئەمە لە کاتێکدایە کە زۆرجار شانۆکە ئەوە هەڵدەگرێ کە دەبێ بە جلێکی تایبەت و بە بێ حیجاب ڕۆڵ بگێڕیت، بەڵم ئەوە لە ئێران قەدەغەیە، وەك ئاماژەم پێکرد ئەم کێشانە بۆ ئافرەتان دووقات زیاترە لە پیاوان.

*** لە هەرێمی کوردستان کارت کردووە، لێرە ئاستی هونەر چۆن دەبینی بەتایبەتی سینەما و شانۆ؟**

- لە هەرێمی کوردستان سانسۆر کەمترە و هونەرمەندان لە حیجاب و هەڵبژاردنی دەق ئازادن، بەڵام زۆر بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئەو بەرهەمانەی لە بواری سینەما لە ڕۆژهەڵاتدا دێتە بەرهەم، قەت لە باشوور ناکرێن و تەنانەت لە شانۆشدا هەر بەم شێوەیە.

*** سەرەڕای ئەو ئازادییەی هەیە لە هەرێمی کوردستان، ئایا کارە هونەرییەکان لە ئاستی پێویستدان؟**

- زۆربەی هونەرمەندان باس لە سینەمای کوردی، یان سینەمای کوردستان دەکەن، بەڵام ڕاستییەکەی لای من سینەمای کوردی بەو واتایە بوونی نییە. ڕاستە لە کوردستان بەگشتی هەندێك جار فیلمی باش دێتە بەرهەم، بەڵام ئەمانە فیلمی کوردین. سینەمای کوردی واتایەکی بەرفراوانتری هەیە، کە بە ڕای من تا ئێستا بوونێکی وەهای نییە. ئێمە دەوڵەتێکی کوردیمان نییە تا فیلمەکانمان بە ناوی کوردستانەوە بچێتە فستیڤاڵە جیهانییەکان، ڕاستە بوونی دەوڵەت مەرجێکی لە سەداسەد نییە بۆ سینەمایەکی سەربەخۆ، بەڵام زۆر کاریگەرە و تا ئێستاش سینەمامان نەیتوانیوە وەك سینەمایەکی سەربەخۆی جیهانی دەرکەوێ و هەربۆیەش ئەو فیلمانەی دێنە بەرهەم تاکوتەرا و لێرە و لەوێ و لە بەشەکانی کوردستانن و ڕەوتێکی بەردەوام نییە.

*** زۆر جار باس لە لاوازیی سیناریۆ دەکرێت، بەتایبەتی لە سینەمادا، ئەم لاوازییە هۆکارەکەی چییە؟**

- بەگشتی پێشکەوتنی هونەر هەموو بەیەکەوە بەستراونەتەوە، کاتێ شانۆی باشت دەبێت کە شانۆنامەی باشت هەبێ. کاتێکیش شانۆنامەی باشت دەبێت کە شانۆنامەنووسی باشت لە پشت بێت، یان چیرۆك و ڕۆمانی زۆر باش لە ناو ئەدەبیاتتدا هەبێت، کە بتوانی بیانکەیتە دەقی شانۆیی، نووسەری باش کاتێك بەرهەمی باش دەخولقێنێ کە ئیشی سەرەکیی ئەو کەسە نووسین بێت، ئێمە لە جیهاندا نووسەری زۆر باشمان هەیە کە تەنیا شانۆنامەیان نووسیوە و لەو بوارەشدا زۆر سەرکەوتوو بوون وەك: هارۆلد پینتەر، ساموێل بێکێت، ئۆژن یۆنسکۆ و.. هتد. بەڵام بەداخەوە هێشتا لە ناو کوردستان نووسین وەك پیشە نییە و هێشتا نووسەری پرۆفیشناڵمان نییە.

*** شانۆ، یان سینەما لە کامیان زیاتر خۆت دەدۆزییەوە و بۆچی؟**

- من زۆر تێکەڵی هەردوو بوارەکەم و هەردووکیشیانم لا شیرینە. شانۆ زمانێکی سادەیە بەڵام ئەگەر هەڵەیەکت کرد کاتت نییە بۆ چارەسەر کردنی هەربۆیەش دەبێ زۆر هەستیار و وریا بیت. شانۆ وەك سینەما نییە کە چەندین جار لەبەردەم

کامێـرادا دووپاتـی بکەیتـەوە تـا کارەکـەت بـاش دەربچێـت، سـینەما ئـەو دەرفەتـەت دەداتـێ کـە کارەکەت بـە باشـترین شـێوە دەربکەوێت، بـەڵام لـە شـانۆدا بینـەر لـە بەرامبـەرت وەسـتاوە، هەرچیـت کرد تـازە بۆت ناگەڕێتـەوە، هەربۆیـەش هەسـتیاریی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە. لـە سـینەمادا تـۆ زیاتـر دەناسـرێی و بەردەنـگ و بینەرێکـی زۆرتـرت هەیـە و دەرفەتـی دەرکەوتنـی زیاتـرت لـە بەردەمدایـە. هەروەهـا لایەنـی ئابووریـی سـینەما زۆر باشـترە لـە شـانۆ، ئەمانـە خاڵـی بەهێـزی سـینەمان. بـەڵام بـە رای مـن هونـەری راسـتەقینە شـانۆیە، چونکـە توانـای هونـەری لەوێدا دەردەکەوێـت، هەمـوو کـەس ناتوانـێ دەموودەسـت رۆڵـی بگێڕێـت. راسـتەوخۆ و لـە نزیکـەوە لەگـەڵ بینـەر دەدوێـت و پەیوەندیـت هەیـە، توانـای هونەرمەنـد لـە شـانۆدا وەك خـۆی دەردەکەوێـت و ناتوانـێ دەمامـك بـكات، زۆرکـەس هـەن لـە سـینەمادا دەردەکـەون کـە هونەرێکیـان پـێ نیـە بـەڵام ناتوانـن لـە شـانۆدا دەرکـەون چونکـە لـەوێ شـارەزایی و هونـەری زۆری پێویسـتە. بـە رای مـن هـەر ئەمـەش خاڵـی بەهێـزی شـانۆیە، کـە دەبێتـە هـۆی ئـەوەی لـە سـەرووی سـینەماوە بێـت.

*** ئایـا ئافرەتـی کـورد توانیویەتـی لـە رێـگای هونـەرەوە بەرجەسـتەی ئێـش و ئازارەکانـی ئافرەتـی کـورد بـکات؟**

- بەشـی زۆر سـینەمای کـوردی دەرخسـتنی ئێـش و ئازارەکانـی خۆیەتـی، تەنانـەت فیلمـە کوردییـەکان زۆربەیـان هـەر ئـەو کێشـانە دەخەنـە روو کـە بەرۆکـی کۆمەڵگـە و تاکـی کـوردی گرتـوە، ئافرەتیـش بێگومـان هەمیشـە لـە فیلمەکانـدا رۆڵـی هەبـووە، بۆ نموونـە: لـە نـاو کارەکانـی یەڵمازگۆنـای فیلمـی رێـگا زیاتـر لـەوەی کێشـەی پیـاوی کـورد بخاتـە روو کێشـەی ئافرەتـی کـورد زەق دەکاتـەوە، چونکـە لەوێدا ئـەوەی کـە بـە شـێوەیەکی تراژیـدی کۆتایـی بـە ژیانـی دێـت، ئافرەتـە نـەك پیـاو. بەهەمـان شـێوە لـە فیلمەکانـی بەهمـەن قوبادیـدا وەك (سـاتێك بـۆ مەسـتی ئەسـپەکان، یـان نیـوەی مانـگ، یـان گۆرانییەکانی وڵاتی دایکم) هەمـوو ئەوانـە پـڕن لـە کێشـە و چەرمەسـەریی ئافرەتـی کـورد. دوایيـن فیلـم کـە خـۆم دەورم گێـڕاوە بـاس لـە ئازایـی و ژیـری و بوێریـی ژنـی کـورد دەکات و ئـەو کێشـانەی کـە بەرەوڕوویـان دەبێتـەوە. لـە بـواری شانۆشـدا مـن بـە دەگمـەن دەورێکـم گێـڕاوە کـە پەیوەنـدی بـە کێشـەی ژنـی کـوردەوە نەبووبێـت، بـۆ وێنـە: شـانۆی پاکیـزە، یـان دیلکراوەکان، یـان داسـی زێڕیـن و حەسـار و سـەگەکان و.. هتـد. لـە راسـتیدا هونـەر دەتوانـێ بـۆ دەرخسـتنی ئـازار و کێشـەکانی ژنـان کاریگەرییەکـی باشـی هەبێـت و دواجاریـش رەنگـە بەشـێك لـە چارەسـەرییەکان بخاتـە روو.

*** جوانیی رووخسار بۆ ئەکتەر تا چەند گرنگ و پێویستە؟**

- حاشـای لـێ ناکـرێ، هەمـوو تاکـەکان جوانپەسـندن و حـەزی پـێ دەکـەن. هەڵبـەت جوانـی شـتێکی رەهـا نییـە کـە هەمـوو کەسـەکان یـەك شـت و یـەك شـێوازیان پـێ جـوان بێـت، جوانـی حەز وسەلیقەیە و زۆرجار تاکەکان لەسەر جوانیی شـتێك، یـان دیاردەیـەك هـاوڕا نیـن. بـەڵام ئـەوەی لـە لای هونەرمەنـد دەبـێ بـە جوانـی دەرکەوێـت هونەرەکەیەتـی نـەك جوانی رواڵەتـی، واتـە بـۆ مـن هونـەر گرنگـە نـەك جوانیـی رواڵـەت و سـیما.

*** خۆشەویسـتی خـۆت بـۆ هونـەر چـۆن وەسـف دەکـەی؟**

هونـەر واتـە دیتـن و دەرخسـتنی جیهـان بـە شـێوەیەکی دیکـە، بـە شـێوەیەکی جوانتـر لـەوەی هەیـە، هونـەر خولیایەکـە بـۆ جیهانێکـی جوانتـر ئەگەرچی تەنیـا لـە خەیاڵیشدا بێـت، جیهانێك کە هونەرمەنـد دەیبینێـت و دەرکی پێدەکات جیاوازتـرە لـە جیهانـی خەڵکانـی ئاسـایی، ئەمـە راسـتییەکە کـە حاشـای لـێ ناکرێـت. هونەرمەندیـش دەیەوێـت ئـەو شـێوە بینینـەی بگوازێتـەوە بـۆ بینـەر و بیسـەر، یـان پێـی بڵـێ کـە دەکـرێ جیهـان بـەم شـێوەیە بێـت.

*** مەرجەکانـت بـۆ رازی بـوون بـە رۆڵگێـڕان لـە سـینەما و شـانۆ چیـن؟**

- هەمیشـە گوتوومـە کـە مەرجـی مـن بۆ کارێکـی هونـەری ئەوەیـە کـە کارەکـە لەگـەڵ دەروون و رۆحـی خۆمـدا سـازگار بێـت و لەگـەڵ بۆچـوون و بڕواکانـی خۆمـدا بێتـەوە، یـان بـێ رێـزی بـە ئافـرەت و تـاك و نیشـتمان نـەکات، هەوڵیـش دەدەم ئـەو کارە بەهێزبێـت و ناوەرۆکـی باشـی هەبێـت.

*** دوایین کاری هونەریتان چییە؟**

- دوایيـن کاری هونەریـم پرۆژەیەکـی شـانۆییە، بۆیـە دەڵێـم پـڕۆژە چونکـە بڕیـارە لـە زۆربـەی شـارەکانی کوردسـتان نمایشـی بکەیـن، هەروەهـا شـانۆی (ئاژاکـس) کـە ئـەم ماوەیـە لـە شـارەکانی بانـە و سـەقز و سـنە بەڕێوەمـان بـرد، پرۆژەیەکـی بـاش بـوو. هەندێـك کاری سـینەمایی و شـانۆیی دیکەشـم بـە دەستەوەیە، کـە ئەگـەر دەرفـەت هەبـوو دواتـر لـە کاتـی خۆیـدا باسـیان لێـوە دەکـەم.

## سکارلیت ژمارە پێوانەییەکانی تێکوپێکدا



خانمە ئەکتەری ناسراوی ئەمریکی سکارلێت جوهانسون بە فەرمی توانیی ژمارەیەکی پێوانەیی لـە مێـژووی سـینەمای ئەمریکیـدا تۆمار بکات، کاتێك بوو بە ئـەو خانمە ئەکتەرەی کە دوای بەشـداری کردنـی لـە دوایـین فیلمـی جیهانـی مارڤێـل (Avengers: Endgame) زۆرتریـن قازانجی لە مێژوودا بەدەستهێنا.

لە لایەکی دیکەوە سـکارلیتی تەمەن (٣٤) سـاڵ دەسـتی کرد بە وێنەگرتنی فیلمێکی نـوێ بـە نـاوی (Black Widow) و بڕیـارە لـە بەرامبەر بەشـداریکردنی لەو فیلمە دا، بڕی بیسـت ملیۆن دۆلاری ئەمریکی وەربگرێت، هەرچەندە پێشـتر خۆی داوای بڕی بیسـت و پێنج ملیۆنی کردبوو بۆ بەشـداری کردن، ئەگەر لە کۆتاییدا توانیی ئەم بڕە پارەیە وەربگرێت ئەوا دەبێتە یەکەم ئافرەت لە مێژووی سینەمای ئەمریکیدا کە زۆرترین کـرێ وەربگرێـت. (بێوەژنـە رەشـەکە) نازناوی کچە سـیخوڕی ناسـراو (ناتاشـا رۆمانۆڤ) ە کـە لـە سـاڵی ١٩٢٨ لـە دایکبـووە و یەکێکە لە کەسـایەتییە بەهێـزەکان و خاوەن جەماوەرێکـی زۆرە، بەتایبەتـی دوای دەرکەوتنـی لـە فیلمـی (Iron Man 2) و لـە سـاڵی ٢٠١٢ لـە فیلمـی (The Avengers)دا دەرکـەوت، سـکارلیت رۆڵەکـەی بینی، دواتریش لە گشت فیلمەکانی کۆمپانیای (مارڤل) دەرکەوت، بەڵام لە هیچ فیلمێکی سـەربەخۆیدا دەرنەکەوت تا بەم دواییە کۆمپانیای ناوبراو بڕیاریدا بە شـێوەیەکی سـەربەخۆ دەرکەوێت.

دوایین بەشی فیلمی (The Avengers) کە ئێستاش لە هۆڵەکانی سینەمای جیهانیدا بەردەوامە توانیویەتی سـەرکەوتنێکی بێ وێنە بەدەسـت بهێنێت و داهاتەکانی گەیشتە ئاستێکی پێوانەیی.

## دەنیز بە هاندانی رق و قینە تۆمەتباردەکرێت



دادگایەکی تورکی رۆژی هەشتی نۆڤەمبەری داهاتووی دیاریکردووە بۆ ئەوەی خانمە ئەکتەری تورکی دەنیز جکیر لەبەردەم دادوەر ئامادەبێت، بە مەبەستی دادگایی کردنی بە تۆمەتی (هاندان بۆ کاری دوژمنکارانە و رق و قینە) دوای ئەوەی هێرشی کردە سەر چەند کچێکی باڵاپۆش.

هەرچەندە دەنیز ئەم تۆمەتانەی رەت کردەوە، بەڵام داواکاری گشتیی تورکیا بڕیاری زیندانیکردنی ئەم خانمە ئەستێرەی دەرکرد بۆ ماوەی شەش مانگ تا یەك ساڵ، دوای ئەوەی چەند کچێکی باڵاپۆش چەند بەڵگەیەکیان پێشکەش کرد کە تێیدا دەیسەلمێنن کە دەنیز ئیهانەی کردوون و هانی رق و قینەی داوە دژیان، هاوکات دوو کارمەندی چێشتخانەیەکیش رووداوەکەیان بینی و شایەد حاڵ بوون دژی دەنیز، ئەمە جگە لەوەی چەند تۆمارێکی دەنگی و وێنە پێشکەش کران کە پێچەوانەی قسەکانی دەنیز بوون.

بەپێی وتەی یەکێك لەو ئافرەتانەی کە سکاڵایان دژی دەنیز بەرز کردۆتەوە، رووداوەکە دەگەڕێتەوە بۆ ماوەیەك پێش ئێستا، کاتێك دەنیز بە سەرخۆشی رووی لە چەند ئافرەتێکی باڵا پۆش کرد و پێی وتن: چی دەکەن لێرە؟ ئایا ئێمە لە سعودیا دەژین؟، بەڵام دەنیز ئەم تۆمەتانەی لە بەیاننامەیەکی رەسمیدا رەت کردەوە و وتی: من لە ئاهەنگی لە دایکبوونی یەکێك لە هاوڕێکانم بەشدار بووم و کاتێك خەریکی وێنە گرتن بووم، ئەوان بێزاریی خۆیان بەمە دەربڕی، ئەمەش وایکرد کە مشتومڕێك لە نێوانمان دروستبوو، بەڵام بە هیچ شێوەیەك پەیوەندیی بەشێوە و جلوبەرگیانەوە نەبووە.

دادگا لە مانگی نۆڤەمبەری داهاتوو بڕیاری کۆتایی لەو بوارەوە دەدات، ئەگەر بڕیارەکە لە دژی بێت، ئەوا کاریگەرییەکی زۆر دەکاتە سەر ناوبانگی دەنیز.



# کچە ئێرانییەک هەڕەشە لە عەرشی ئیشواریا دەکات

ماوەی چەند ساڵێکە (ئیشواریا رای) بۆتە خاوەن جەماوەرێکی زۆر لە سەرتاسەری جیهان، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە چەند فیلمێکی هۆڵیۆددا دەرکەوت، ئەمەش وایکرد ببێتە مانشێتی رۆژنامە و گۆڤار و میدیاکان، کە تەنانەت بچووکترین هەواڵیشیان لە بواری هونەری و ژیانی تایبەتیدا بڵاو دەکردەوە.

لە ئێستاشدا جارێکی دیکە ئیشواریا بۆتەوە بە بابەتی میدیاکان، بەڵام ئەم جارە پەیوەندیی بە کاری هونەری و گرێبەست و وێنەگرتنی فیلم و بەشداریکردنی لە فیستیڤاڵ و بۆنە هونەرییەکاندا نییە، بەڵکو بەشێوەیەکی جیاوازتر باس دەکرێ، بەتایبەتی لە سۆشیال میدیا، چونکە ئافرەتێکی دیکەی تا رادەیەکی زۆر هاوشێوەی دەرکەوتووە، ئەویش کچە مۆدێلی ئێرانی (ماهلاجا جابری)یە، کە لە ئێستادا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و سۆشیال میدیا خاوەن جەماوەرێکی زۆرە، تەنیا لە ئینستاگرام رێژەی گۆڕینەوەی وێنە و ڤیدیۆکانی گەیشتۆتە زیاتر لە سێ ملیۆن، بەپێی چاودێرانی ئەو بوارەش هۆکاری سەرەکیی ئەوەیە کە لە زۆر رووەوە هاوشێوەی ئیشواریا رایە، تەنانەت ماڵپەڕی (Mensxp) لەدوای ئەنجامدانی راپرسییەك وەك جوانترین ئافرەتی جیهانی دەستنیشان کرد.

ئەم لێکچوونەوەی نێوانیان وایکردووە کە زۆر کەس پێیان وایە ماهلاجا دەتوانێت لە داهاتوویەکی نزیکدا عەرشی جوانی بە ئیشواریا چۆڵ بکات.

تاکە جیاوازیی ئاشکرای نێوان ئیشواریا و ماهلاجا ئەوەیە کە ئەو کچە مۆدێلە سەرەڕای جوانییە بێ سنوورەکەی، بە پێچەوانەی ئیشواریا زۆر جار پشت بە وروژاندن و خۆ رووت کردنەوە دەبەستێت، لە کاتێکدا شاجوانی پێشووتری هیندستان و جیهان لەم رووەوە توانیویەتی ناوبانگی خۆی بپارێزێت.